# چە غەوغایە ئەمڕۆ

## دەشتی



چ غەوغایە ئیمڕۆ لە باغێ گولان
کە سولتانە بوڵبول لە باغێ گوڵان

دەڵێن هەوری وەسلی هەموو عاشقان
دەبارێنی شادی لە باغێ گوڵان

نەمامی حەیاتم ئەوا هاتە بەر
بە شەوقی ویسالم لە باغێ گوڵان

بەڕەنگی حەبیبم چە فەخرێ ئەکا
دەمی خونچەیی گوڵ لەباغێ گوڵان



شنەی سەرچنارێ ئەدا ڕەحمەتێ
بە ئەرِبابی عەشرە لە باغێ گوڵان

بە ساقی ئەنازم کەبێ لەنجەکەی
بدا کەوسەری دڵ لە باغێ گوڵان

لە ئامینە هەردەم نەتیجەی دوعا
کە دەشتی بمینێ لە باغێ گولان

یادی ئەو ڕۆژگارانە بەخێر کە فەقێیە دەنگ خۆشەکان بە ئاوازێکی تا بڵێی دلگێر و شادەوە ئەم هۆزانەی دەستیان لە کوڕ و ناو دیوەخانان و حوجرەکان دا دەخوێندەوەو دڵی هەموو گوێگرارانیان شاد دەکردو مەجلسی ئەو ڕۆژگارەو سەردەمانەیان پڕ لە بەزم و خۆشی و سەفا دەکرد و مرۆ هەر حەزی دەکرد کە ئەم کۆڕو مەجلیسانە دوایی نێت و هەر گوێ لەم ئاوازە شیرینانەی بگرێت. هەزاران سلاو لە گیانی ئەوانەی کە نەماون و خۆشەویستیشمان بۆ هەموو ئەوانەی کە ئەمڕۆ لە ژیانن و جارو بارە یادی ڕابوردووەکان دەکەنەوە و ئەمڕۆش بە خوێندنەوەی ئەم هۆزانە دلگیرانەی دەشتی گیانی پاکی ئەو نەمرە کوردە خاکپەروەرە شاد دەکەن. ئەحمەد دەشتی 22.8.2005